Halabja centre
Against Anfalization
and
Genocide of the Kurd
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەلەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی
گەلی کورد چاك
Chak_kurdistan@yahoo.com

## کۆمیتەی گواستنەوەی سەنتەری نیشتماتی ونبوو بێسەروشوێنان کۆدەبێتەوە

ئەمڕۆ سێشەممە ڕێکەوتی 28 ی ئاداری 2006 کاتژمێر 13.00 تا 14.30 بەکاتی بەغدا، ئەندامانی کۆمیتەی گواستنەوەی ئەنجومەنی گواستنەوەی سەنتەری ونبوو بێسەروشوێنانی عێراق یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لە شاری بەغدا بە سەرپەرشتی جیانی مکازینی بەرپرسی نوێی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق( یۆنامی) بەڕێوەچوو ، جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەو سەنتەرە لە کۆتایی کۆبونەوەکانی عەممانی پایەتەختی ئوردن لە 24 – 28 ی ئەیلولی 2005 بڕیاری لەسەر درابوو، بەو مەبەستەی لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق بڕیار لەسەر پڕۆژە یاساییەکەی بدرێت، بەڵام تا ئەمڕۆ بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. لەو کۆبونەوەیە وێڕای نوسینگەی یۆنامی لە بەغداو نوێنەری وەزارەتو داموزراوەکانی پەیوەنددارو نوێنەری کۆمەلەکانی خێزانی ونبوان هەروا لە عەمان ، بۆسنا، سەرایڤۆ، بەرازیلو بەریتانیا ئەندامانی کۆمیتەکە لە ڕێگای پەیوەندی ( لنکی تەلەفۆنی و فدیۆ ) وە، بەشداری گفتوگۆیەکانیان کرد، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیشەوە، نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستانو نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ بەشدار بوون.دوای وتاری کردنەوەی کۆبونەوەکە لەلایەن بەرپرسی یۆنامی لە عێراق، ئەمجار بەشداربوون خۆیان ناساند، پاشان بەرنامەی کۆبونەوەکە خرایە بەر دەست کە بەو شێوەیە بوو:

وتاری جیانی مکازینی بەرپرسی یونامی لەعێراق. 2– گفتوگۆ دەربارەی ڕەوشی پڕۆژەکە. 3– جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی کۆبونەوەکانی پێشوو:

ء. یاسارێژی ب. ڕاهێنان ج. چارەسەرکردنی زانیارییەکان

4– گفتوگۆ دەربارەی پلانی داهاتوو 5– هەر بابەتێکی دیکە

لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا، دوای ئەوەی هەر یەك لە جیانی مکازینیو ئیلیۆ تەمبوری بەرپرسی نوسینگەی بەغدای یۆنامی باسیان لە گرنگی ئەو کۆبونەوەیەو دامەزراندنی سەنتەرەکە کرد، هەروا هۆکاری بەکارنەخستنی سەنتەرەکەیان بە ڕەوشی نائارامی عێراق و بێ پارەیی بەستەوە، چونکە تاوەکو پڕۆژە یاسایی سەنتەرەکە لە لایەن پەرلەمانەوە ڕەزامەندی لەسەر نەدرێ لە لایەن وڵاتانی پارەبەخشەوە هاوکاری ناکرێ، پاشان بە شداربووان لەمەڕ بابەتەکانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ، ( طب الشرعي ) ،کۆکردنەوەی زانیاریو کۆگاکردنی و چۆنیەتی دامەزراندنی سەنتری زانیاریو دیکۆمینتو میکانیزمی ڕاهێنانی ڕاهێنەرانو هۆشیارکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان قسەو باسیان لەسەرکرا،

نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە بە ژمارەیەك پێشنیار بەشداری کردو،ئەو کۆبونەوەیەی بە پێشوەچوونێکی باش دانا لە ڕێگای دامەزراندنی سەنتەرەکە، داوای لە یۆنامی کرد هاوکاری کۆمەڵەو ڕێکخاوەکان بکات لە ڕێگای سازدانی وۆرك شۆپو خولەکانی ڕاهێنان دەربارەی هۆشیارکردنەوەو کۆکردنەوەی زانیاریو دیکۆمینتو یارمەتیدانیان بۆ دروستکردنی تۆڕی فراوان، هەروا دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی خێرا لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی گواستنەوە، ئەوەو کۆبونەوەکە بە هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەك دەرنەچوو، بڕیاروایە لە چەند ڕۆژی داهاتوو کۆبونەوەکە دەست پێبکاتەوە.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد / کوردستان**

**CHAK- KURDISTAN**
**2006 / 3 / 28**

---

ناونیشان : کوردستان ـ هەولێر/ شەقامی 30 مەتری – تەیراوە    ژ مۆبایل : 4652371

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com